فیلمی جۆکەر کوشتنی دەماندکان ... ن/جەلال قادر

ئارتەر (جۆکەر) لە پزیشکە دەروونیەکەی دەپرسە : ئایە دونیا شێتانەیە یاخود من تێکچووم؟

تات فیلیپ دەرهێنەروسیناریستی فیلمی (جۆکەر) لەجیاتی پەنابردن بە شۆپکەداران، زێتر بایخ بە بەسەرهات و ژیانی دەروونی تاڵی کاراکتەرەکە دەدات، هەرچەندە فیلمەکە پڕ لە تووندوتیژی، لی تەماشاکردنی کاراکتەرێکی خەمۆکاوی، بینەر تووشی گۆشەگیری دەکات.

ئەگەر کەسێک ولاتی ئەمریکای نەدیبێت و تەماشای ئەم فیلمە بکات(لەوانەیە) وابزانێت زەربەی گرتە و دیمەنەکان دروستکراون و خەیاڵین، کەچی لە حەقیقەتدا ئەمریکا ولاتێکی سەرمایەدار و بازرگانی جیهانە و چینێکی هەژار تێیدا دژێت. بە نموونە : ئەو کۆلانانەی جۆکەر پێیدا هاتکات و دەوری تیا دەبینێت، پڕ لە زبە و خاشاک، هاستین و شوێنی هەژار نشینین. لەگەڵ هەر گرتەیەک دیمەنی بینا بەرزەکان و کۆلانە وەرانەکان دەبینین، کە ئەمەش دەرهێنەر جیاوازیە چینایەتیەکەمان پیشان دەدات. هەروەها زانیاریمان دەداتە کە هەوداوەکان لە کوە هاوەدەن.
هەوداوی فیلمەکە دەمانگەڕێنێتەوە بە سالانی هەشتاکان، دەبینین (جۆکەر) لافیتەیەکی بەدەستەوەیە و ریکلام بە بازاڕێک دەکات، کەچی لەناکاو چەند چەتوونێک دێن و لافیتەکەی لەدەفڕێنن. لە ئەمریکا نێک پیاو بگرە ژنش لەسەر شەقامەکان دەبینیدرێن لافیتەیان بەدەستەوەیەو ریکلام بە دوکاندارو بازرگانەکان دەکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو کەسەی جۆکەر کاری بە دەکرت، سزای جۆکەر دەدات لەسەر ونبوونی لافیتەکە، بە بەینی بڕێک پارە لە مووچەکەی. هەر لەسەر کارش کاراکتەرێکی شڵەژانگیز دەمانچەیێک دەدات بە جۆکەر، بە ئەوەی لەدوا هەڵ تووشی کێشە ببێت. لەدواجار جۆکەر لەماڵەکەی خەی بە (مەقەست)ئەو کاراکتەرە دەکوژێت.

لەگرتەی (یەکەم و کۆتایی) جۆکەر لەبەردەم پزیشکەکەی دەروونی دەبینین، ئەوەش بەو مانایەی کە سیستەمی ئەمریکا مرۆی هەژاری تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە و نە ئامادەیە چارەسەریان بکات و نە دەرمانشیان پێ هەوا دەبینێت بیانداتێت.

دیمەنەکانی ناو واگۆنی قیتارەکان : کاتێ جۆکەر دەیەوێت بزەخەندەیەک بکاتە سەر لێوی منداڵێک کەچی دایکی منداڵەکە تووڕە دەبێت. لەردا تەدگۆین کە پێوەندییەکان لەناو تاکی کۆمەڵگە بەرەو کزبوون و لەناو چوون دەچێت. هەروەها هەر لەناو قیتارەکە سێ ئەکتەری دەوڵەمەندی (گاتام) شێ بە ئافرێتێک دەفرۆشن و پاشان تەر وپە لێ (جۆکەر) دەدەن. جۆکەر تووڕە دەبێت هەرسەکیان بە(دەمانچە)دەکوژێت و هەڵدێ.
لە بەرئاوەی ئاو سێ کاراکتەرە لە چینی دەوڵەمەندەکان دەبن، خاڵکی هەژارنشین ئام کردەوەیی (جۆکەریان) پێخۆشدەبێت، لەپاش ئام ووداوە خۆشویستی جۆکەر وەک قارەمانێک دەچێتە دڵی جەماوەرەوە. هەر بۆیە ماسکی جۆکەر پێشین دەبێتە سیمبول.
لە سیناریۆکە جۆکەر پاڵەوانی فیلمەکەیە، بەڵام ئایە کێن ئەوانەی هۆکاربەر و ناحەزی جۆکەرن؟ پەدەچیت جگە لە چینی سەرمایەدار، کۆمەڵگەش بەشەکبن لەو تاوانانەی ئەنجامدەدرێن. بەڵام(باتمان) وەک منداڵەکی ناسک و نازداری خیزانەکی بورژوازی دەبینرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندا لە فلمەکیتر ووبەرووی جۆکەر ببێتەوە.
بەهەربار لەسەر ئام کوشتن و تاوانانە، لە چاوپێکەوتنەکی تەلەفزیۆنیدا، (ڕۆبەرتە نیرۆ) لە جۆکەر دەپرسێ: ئایە تە کەسەکی سیاسیت؟
جۆکەر : نەخێر…من کەسەکم ژیان بە کۆمیدیا دەژانم…

لە گرتەی چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ (ڕۆبەرتە نیرۆ) : سەرەتا ئارەزووی تەماشاکردنی بەرنامەکانی دەکات (talk Show)، بەڵام کاتێک دەچێتە ستدیۆ و لە شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەوێت، هەستەکات (ڕۆبەرتە نیرۆش) گاەم بە هەست و سەزی دەکات و دەیووخێنێت. دەگاتە ئاو ئەنجامەی کە ئاو کەسانەی خۆشمان دەوێن و سەرسووماەنین پێیان، زەرجار شایەنی ئاوە نین ڕەزیان لێبگیرێت. فیشەکێک بەناوچاوانی (ڕۆبەرتاوە) دەنێت.
هەروەها لە باکگراوندی گرتەی فیلمەکە، گوێبیستی شووتی ئەتەمبیلەکانی پۆلیس دەبین، ئام جارە دەنگ و هاژانە لەناو شاری (نیویۆرک) ئاساییو لەهەر خووەکێک چەندینجار ئام دەنگانە هەن.

لەگرتەیەکدا جۆکەر لە ژوورەکەی بەسەر سیستەمەکەی پاکەوتووە، ڕۆژنامەیەکش لەسەر زەویەکە دانراوە، لە مانشێتەکەی بە گەورەیی نووسراوە:(بزووتنەوەی نوێ، دەوڵەمەندەکان بکوژن)…… هەبەتە دیکۆری ژووروو هەڵبژاردنی وێنە و پێداویستی ناو ماڵ و دانانی ئاو

ڕۆژنامەیە، بی ئەنقەست نین.
کاتێ ئەم فیلمە پێخشکرا ، چەند شارەک خۆپیشاندانیان کرد کە نمایشەکە ڕاگرن، چونکە فیلمەکی تووندتیژو کاریگەری دەروونی لەسەر تەماشاچی دروستدەکات.

لی من کاتێ چووم بۆ سینەما و فیلمەکەم بینی، لەکاتی نمایش چەند بینەرێکی هەرزەکارو خەزانێک دەرچوونە دەرەوە. ئەو زانیارییانەی من بەرگوێم کەوت ئەوە بوو، کە گەنجەکان تاقەتی گوێ ڕاگرتنی چیرۆک و بەسەرهاتی جۆکەریان نەبووە، بەڵکو چاوەڕوان بوونە ئەم فیلمە پڕ لە ئەکشن و شەڕوشۆڕ بێت لەگەڵ (باتمان). هەبێت هەندێک بۆ چوونیتر هەیە کە تەماشاچی بەرگەی هەڵس و کەوت و کردەوەکانی جۆکەر ناگرێت.
لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم فیلمە کە بەسەرهاتی کەمەلگەی ئەمریکی و کەبەکەی شەڕو خەر پیشان دەدات، فیلمێکە کە دەوێت پەیمان بێت لە دونیای سەرمایەداری چیمان بەسەردا هاتووە؟!.
فیلمێکی سەرکەوتووە و شایانی ئەسکاریشی هەیە.

-تێبینی: لەسالانی پێنجاکان وەک کاریکاتێرکی پێلیسی نووسراوەتەوە.
-سەرچاوە: فیلمی جۆکەر، لە دەرهێنان و نووسینی (Todd Philipتات فیلپ)
(Joaquin phoenix ڕۆلی جۆکەر (خاکوین فینکس

جۆر و شێوەکانی بووونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا (بەشی 7)... هەندێن خوێشناو

وێنەی کاریکاتێریی دەتوانێت لە ڕۆژنامەگەری خولاودا بە چەندین شێوەی جیاوازەوە بوونی هەبێت، بە گوێرەی ئامانجە دیاریکراوەکانی یان ئاماژە زیرەکانی تیرەوە، لە نێو ئەو شێوانەشەوە دەتوانین باس

لەم شێوانەی خوارەوە بکەین: 1- گۆشەی سەربەخۆ. 2- کاریکاتێری بێاوکراوە لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەوانی تردا. 3- کاریکاتێری وەرگیراو لە ڕۆژنامەیەکی دیکە. 4- کاریکاتێری بەرگ لە گۆڤارەکاندا. 5- ئەو کاریکاتێرەی دەبێتە سیمبولێك (لۆگۆ) بۆ بێاوکراوەکە. 6- ئەو کاریکاتێرەی هاوشانە لەگەڵ ناونیشانی گۆشەیەکی دیاریکراودا.

7- چیرۆکە کاریکاتێر (کۆمیکس):

زۆر لە ڕۆژنامەکان، بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی منداڵان و ڕۆژنامەی چیرۆکە پۆلیسیەکان، پشت بە ستایلی بێاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان دەبەستن هاوشان لەگەڵ بابەتە ئەدەبی و چیرۆکەکاندا، بەکو لە زۆرێك لە ڕۆژنامەکان گۆشەی تایبەت بە منداڵان دەبینین کە پشت بەهەمان ستایل دەبەستێت، وێنە کاریکاتێریەکانیش دەربڕی دەقە ئەدەبیەکەن کە هاوشان لەگەڵی بێاوکراونەتەوە، کاریکاتێرە بێاوکراوەکانیش لەم چیرۆکانەدا لەوانەیە زۆرجار واز لە دەقە ئەدەبیەکەش بێنن، و ببنە چیرۆکی وێناکراو بەبێ دەقی ئەدەبی، واتە ئەم کاریکاتێرانە هێنینەوە و چنینی چیرۆکیانەیان دەبێت لەگەڵ سەرکەوتی درامایی، بۆ نمونە ئەمە لە کارەکانی هونەرمەندی دانیمارکی (هێرلۆف بیدسترپ) دەبینین، زۆرێك لە کارەکانی پشت بە ستایلی هێنینەوەی چیرۆکیانە دەبەستن، ئەم کاریکاتێرانەش بۆ منداڵان نەکرابوون، دەتوانرێت بە کاریکاتێری ئاسایی بژمێردرێن کە بە ستایلی کۆمیکس کێشراون، هەروەها کاری هونەرمەند (هەندرێن خۆشناو) لە کارەکەیدا باس لە قۆناغەکانی ڕووخانی حوکمی دیکتاتێری میسری حوسنی موبارەك دەکات، قۆناغی بەرزەوانینی موبارەك و گوێ نەدانە داواکانی گەل، قۆناغی دووەم بەرە بەرە ڕووخانی دیکتاتێر و پشت تێکردنی لەلایەن دەزگاکانی زەبر و هێز لە میسردا، قۆناغی سێیەمیش هونەرمەند پێشبینی ئەوە دەکات، کە یەکێکی تری جێشکراو بە عەقڵیەتی عەسکەرتاریەت، و هاوشێوەیەکی موبارەکی دیکتاتێر و گەندەڵ جێوی دەسەڵات دەگرێتەدەست لەمیسردا، ئەمەش نمونەیەکی تری کاریکاتێری کۆمیکسە.
بەڵام ئەو کاریکاتێرانەی کە هاوشان لەگەڵ چیرۆکی منداڵان و چیرۆکە پۆلیسیەکاندا بێاودەکرێنەوە، ناتوانرێت بە کاریکاتێر بژمێردرێن، چونکە هەروەکو باسمان کرد وێنای ناوەڕۆکێکی مادەیەکی ئەدەبی دەکات، بەبێ ئەو مادەیەش هیچ مانایەك نابەخشێت، لە کاتێکدا کە بزانین ئەم مادەیە هیچ کۆمیدیایەکی تێدانیە.
ئەو وێنانەش تەنیا بەکاردێت بۆ سەرنج ڕاکێشانی منداڵان و

خوێنەرانی تر و هیچی تر نا، چونکە ستایلی وێنەی کاریکاتێری بە زۆدەڕۆییەکان و گەورەکردنەکانیەوە، منداڵان زیاتر ڕادەکێشن لە وێنە ئاساییەکانی تردوە، هەروەها وێنەی کاریکاتێری هاوکارە بۆ کارە فێرکاری و پەروەردەییەکان، لە بەشێکی تایبەت باس لەمەش دەکەین.

هەندرێن خۆشناو

گۆڤەکانی مانگی چڕیم ... ئەژین فەهمی

لەو بازاڕە گەورەیەدا دالیا تاکە ژن بوو، جیا لەهەموو ژنێکی تر، خاوەن دووکانێکی عەتر بێت. غەریب و ناوازەبوو، زۆرترین کۆیاری هەبوو و بۆنوبەرامەی پڕدەفرۆشت... هەموو ئەو کەسانەی ڕوویان دەکردە دووکانەکەی، بۆ کڕینی شووشە عەترێکی بۆن خۆش، دەهاتن و نائەتیان دەگرت.
زۆربەی ژنەکان ئەوها تێدەپەڕی و لەم جوانییە شاراوەیە تێدەفکرین و هەندێکیشیان بۆنی عەترەکەیان لەلا تایبەت بوو. بەڵام لەهەموویان زیاتر، دارای لاو بوو، کە هاموشۆی دالیای دەکرد و هەموو ڕۆژێك دەچوو بۆ ئەوەی زۆرترین عەتر بکڕێت و باشتر لە جوانییی ڕووخساری وردببێتەوە. ئەوەش جگە سەرنجی هەمووان بوو. بۆنی عەتر بەناو هەموو بازاڕدا بۆاو ببوەوە، دارا هەموو شووشەکانی هەڵگرتبوو و هەستەکانی دەیانبردە لای خەیاڵێکی هەستبزوێن بۆ دالیا، بەڵام ڕاینەگەیاندبوو، تەنیا نیگاکانی ئاماژە بوون بۆ پێوەندییەکی نوێ، ئەگەرچی دالیا چاوکیشی نابینا بوو.
جارجارە، کە دووکانی جێدەهێشت و دەهاتە نێو بازاڕەوە، هەمووان سەیریان دەکرد و بەیەکیان دەوت: ئەها سەیربکە کچە عەترفرۆشەکە بەدەرکەوتەوە... دەبینرا قژەخاوە ئاڵۆسکاوەکەی تێکەڵ بەبا بووە، بەسەر شانوملیدا شۆڕ بووەتەوە و با دەیشنێتەوە، جوانتر و جوانتری کردبوو، لەو دەمانەدا دارا لەدوورەوە نیگاکانی بۆ داچڕاندبووە سەما و غەریبیی، دەیویست لەنزیکەوە بۆنی بکات, ئەمە و چەندان خەیاڵی تر. ئەوجارەیان هاتنی دارا جیاوازتر بوو، لە

هەستی خۆی دۆنیا بووەوە و بۆی درکاند، کە چیتر بەرگەی دیلکردنی ئەو هەستەی نییە، کە بە دۆ و گیان دالیای دەوێت. ئەویش بەچاوێك تەنیا نیگای دەکرد و هیچی نەدەوت.

سەردەمێك پێش ئێستا، من و دالیا هاوپێل و نزیکترین هاوڕێ بووین, ئەو لەخۆشەویستیی دابوو لەگەڵ هاوپێلەکمان، چەند نامەیەك لەنوانیاندا هەبوو، هەر دوای ئەوەی بەکۆتاش هات، کاتەکان ئەستەم تێپەڕین و نامەکانیش بەکۆتا هاتن، بەڵام لە دواییین نامەی گەیەندراودا، کە بۆی خوێندوومەتەوە، خەمەکانی لەو دوانامەیەدا جێکردبووەوە: من لەو پێوەندییە بکەکە هیچ سوودێکم نەدیت، تەنیا دواکەوتن لە وانەکانم وگریانی زۆر نەبێت، ئەوا چاوێکم خەریکە لەدایی دۆنێت و سەختەڕۆ دنیای پێ نەبینم, بەڵام ئیتر بەڕۆن بەخۆم دەدەم نەگریم. داوای هاتنەوەشت ناکەم، ئەگەرچی بیریشت بکەم، دەزانم، کە ناتەوێت بمۆنیتەوە، ئەوەی لەدەستچووە ناتوانی بیگەڕێنییتەوە، نامە هاتووە کۆنەکانیشم فڕێ داون، کە تێیدا خۆشتدەویستم، کە تێیدا هەموو شتێکت بەبێ پشوو بۆ دەنووسیم.. منیش هەموو هەستێکم لەلات بوو، کە بۆ تۆم دەنووسی: کە هەموو شتێکی تۆم خۆشدەوێت, ئازارەکانیشتم گەرەکە. بەڵام ئێستا، ئاوڕ لە هیچی تۆ نادەمەوە و گوێ لە گۆرانییەکانیش ناگرم، تازە ئیتر نامەی تر ناگەن.
کاتێك کەسێکت لێ دوور دەکەوێتەوە و دەشبینیت سەرباری ئەو هەموو یادەی لەگەڵت هەیە، کەچی نامێیە و وەك جاران هەستی پێناکەیت.

هەمدیسان دارا سەردانی دالیا دەکات و هەستی خۆی پێادەگەیەنێت: "بەڕێنت پێدەدەم لەخۆمت ڕازیی بکەم و خولیا ناسکەکانت بۆ بێنمە دی، کە لەوە دەچێت هاوتابن لەگەڵ حەزەکانم بۆ ژیان لەگەڵت. باوەڕ بکە خۆشمدەوێیت، من دەمەوێ هەموو ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆمان تۆ ببینم تا هەموو بەدیینەهێنراوەکانت بۆ بەدی بهێنم، لە بەرانبەرمدا دابنیشیت و چیرۆکە تەواونەکراوەکانت بۆ بخوێنمەوە، بەسەیرکردنەکانت تەواوی ڕۆژەکەمان جوان بکەی، شەوانەش تا درەنگانێك لەباوەشی بەختەوەرییدا بین و باسی وەرزەکان بکەین. دەی تۆ چی دەڵێیت: ڕازییت بە هەڵبژاردنم لەو ماڵە؟ ئاشکرایە ئەو هەموو سۆزە بەچاوانتەوە دیارە و ناتوانیت بیشاریتەوە، من دەمەوێت بگەم بە خولیاکانم، ئامادەم لەگەڵت بم، خەمەکانیشت لەکۆڵ بگرم و

بەردەوامبم لەگەت.

ئیدی زاری نەبرد و پاوەندییان گەیشت بەوەی بەیەکەوە لەماڵکدا بژین، بە بەختەوەریی؛ تەواونەکراوەکانیان تەواو کرد و هەموو ڕۆژەکان شادمانیی، خەنین و خەندان دەڕیشت. دارا هەمیشە دەیگوت: هاوسەرە جوانە عەترفرۆشەکەم، بۆهەمیشە لێم نزیك بە و دوور مەکەوە، هەمیشە وەك خۆت بە، ئێستا هەموو شتێك ڕاستییە. ژیان لەگەڵ بانی عەتر جوانترینە.
ئەوتا تۆ هەموو ڕۆژێك دەرگە دەخەیتە سەرپشت و عەتر دەپژێنیت، منیش شەوانە گەرانییت بۆ دەڕم تا خەو دەتباتەوە, دانە بەدانەی چیرۆکەکانت بۆ دەخوێنمەوە تا دەچیتە باوەشی خەوەوە.
بەڵام ئازیزم، من ئێستا سەرگەردان ماومەتەوە, دەمەوێت ماوەیەك دوور لە هەموو شتێك بم, ئەی نەتبینی بەبەرچاومانەوە کتێبخانەکەمان سووتا و تەنیا چەند دانەیەك لەو کتێبانە ماونەتەوە, ئیتر دەمەوێت گۆتینێك، وزەیەك بەخۆم بدەمەوە، ئاخر هێشتا هاواری وشەکانیان و سووتانیان، لەناو سەرمدا دەزرنگێنەوە و پێمدا هەدەشاخێن، کەچی هەتا ئێستا هیچکارەکەیم نەزانیوە. بەڵام ئازیزی دڵم، چاوەڕێم بە، زۆرم پێناچێت. دەڕم گەشتێکی تەنیایی دەکەم تا دەرووخم ئارام دەبێتەوە, تۆش ڕێگەم بدە بڕۆم، هەرچەندە زۆری تێنەپەڕیوە بەسەر هاوسەرگریمان, بەڵێن بێت دڵمەوە.
بەیانیەکی زوو، دالیا بەتەنیا لە جێگەکەی دامابووەوە و توانای هاتە دەرەوەی نەبوو، حەزکردنی بە لادانی پەردەی ژوورەکەش نەیجووڵاند، بەڵام ئەو بەیانییە جیاواز بوو لە هەموو بەیانیەکانی تر، نە تاقەتی نانی بەیانیی هەبوو، نە گوێگرتن لە ئاوازە جیاوازەکان، چوو بۆ ژوورە سووتاوەکە، بانی سووتماکێکی ناخۆشی لێدەهات، ئەوجارە چووە ژوورەکانی تر و سەرێکی لە باخەکەی حەوشەدا و گوڵەکان وشك بووبوون. تا دوای نیوەڕۆ لەماڵ مایەوە و تەنیا ئەوەی خواردی چەند پارچەیەك لە کولێرەی دوێنێ ئێوارە و کەمێك شیری سەرتەباغ بوو، کە دارا بەر لە ڕۆیشتنی لەگەڵ چەند لەتێك میوە، ئامادەی کردبوو. دواتر بەبێ تاقەتیی و شڵۆواویی بەرەو بازاڕ، بەرەو دووکانەکەی کەوتە ڕێ، سەری عەترەکانی لادا و بە دڵتووندیی عەتری دەپژاند، هەندێك لە کڕیارەکانیشی بەرەو دووکان وەجووڵە خست.
دالیا ئێوارە درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵەوە, تای خوێنەر لەوێ نیت ئەگەر نا بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت، کە نەك دالیا، ماڵیش

کەوتووەتە غەریبیی دارا.

ماوەیەك تێپەڕی، من وەك هاوڕێیەکی کۆن چوومە سەردانی دالیا و میوانداریی کردم، باسی یادەکان، کاتی خوێندنمان و بێتاقەتیی خۆی بۆ کردم: ئێستاکە بێتاقەتیی دارام, لای منی چڕ کردووە, ژەمەکان درەنگ تێدەپەڕن, بیری ئەو پەتاتە کوڵاوە دەکەم، کە هەمان دەکڕی و گۆشتی وردکراومان دەخستە ناوی، بە بەهاراتەوە چێژکی زۆری هەبوو. نازانم تاقەتی خوێندنەوەشم نییە بە تاقە چاوێك. بەڵام ئەوانە تێدەپەڕن، داراش پێی وتووم، کە زوو دەگەڕێتەوە و زۆر لەمەراقا جێم ناهێڵێت.
هاوڕێ گیان سپاس بۆ هاتنت، بێتاقەتیمت هێواندەوە. هەرکاتێك قسە لەگەڵ دارا بکەم، غەمگینیی خۆمی پێشان نادەم، نەوەك داراش لەوە خەفەت بۆ دڵتەنگییەکانم بخوات, بەڵام هەستیشم پێدەکات.
.....
من باسی خەمی لەدەستدانی ئەو چاوەم بۆدارا کردووە، ماڵە باوانیشی بەوە قایل نەبوون، بەڵام لەئێستادا دڵن بۆ دیدەنیم، پەرۆشن و خۆزانەکین..
هەر لە قسەکانی بەردەوام بوو، منیش گوێم بۆ گرتبوو: دەزانی خۆشویستنی کەسێك لە تەمەنێکی زووداً، کە دەرك تەنیا بە حەزەکانت دەکەی، ئەگەر ئەو کەسە بێباکانە جێی هێشتبیت، وا هەست دەکەی ئیتر پارچەپارچە بوویت و چاك نابیتەوە, بۆ ئەوەی بتوانیت دیسانەوە دەست پێبکەیتەوە، دەبێت تەواو خۆت ئامادەبیت لە کەسی پێشتر و هەموو شتێکی بیرخۆت بەریتەوە.
ئێستا دارا لێرە نییە، لەبری ئەو زوو زوو گوێەکانی حەوشەکەمان ئاو دەدەم تاوەکو چیتر وشك نەهێنن و واهەست بکەم ئەویش لێرەیە، کەچی تەنیای تەنیا پیاسە بەنێو باخدا دەکەم. هەتا ئەو دڵتەوە لەو ماڵە چێەمدا، گوێی نۆ دەوێنم, خۆم جوان دەکەم و بەدیار چاوەڕوانییەوە بێباك ماتە لە گەڕانەوەی دەگرم: با ووناکاییی چاوەکەی دیکەشم بەدوایەوە بچێت!

2014-2019

ئیخوانی کوردیی یان لقی ئەکەپەی کوردستان؟ … هیوا ناسیح

بیرمەندی نەتەوەیی کورد مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی (لمستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون) دا بە پشتبەستن بە دەیان بەڵگەنامە و نمونەی ماددی مژووویی زۆر بە جوانی هەوڵستی کەسایەتی و بزوتنەوە ئیسلامییەکانمان، لە سەر مەسەلەی رەوای کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بۆ روونەدەکاتەوە. ناوبراو لە لاپەڕە ١٦ی ئەو کتێبەدا باس لە هەوڵستی ئیخوان موسلیمین دەکات و دەڵێت: خۆ هەوڵستی ئیخوان موسلیمینیش، کە حزبێکی ئیسلامی ئسوڵیی کۆن و ناسراوە، هیچ لە هەوڵستی سەرکردە شیعە ئسوڵییەکان و حزبی دەعوە جیاواز نەبوو. بۆ نموەش باسی هەوڵستی رابەرەکەیان دەکات لە میسر، و دەڵێت: محەمەد حامد ئەبو نەسری مورشیدی ئیخوان لە میسر، کە بە لانکەی ئەو بزوتنەوە سیاسییە دادەنرێت، لە رۆکەوتی ٢٧ی نیسانی ١٩٩١دا، واتە رۆک پاش سێ ساڵ لە شالاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی کورد، و سەروەختی ڕاپەڕینەکە، ئینجا بەیاننامەیەکی دەرکردوە، تێیدا باس لە هاندانی کوردەکان دەکات لە لایەن ئەمریکاوە دژ بە یەکێتی خاکی عێراق، گوایا بۆ پاراستنیان و دووبارە جێنشایدنەکردنەوەیان، کە مەبەستی هەڵەبجە و ئەنفالەکانە، و „ بەم شێوەیە ئەمریکا دەستی خستێتە ناو عێراقەوە و …هتد.“ بە کورتی دەڵێت هەوڵستی ئەم سەکردە ئیسلامییە رۆک وەک هی کەسێکی عەرەبی شۆڤێنی بەعسی بووە.

پاشتر ناوبراو دێتە سەر کێمەک و هاوکاریی رۆکخراوە خێرخوازییە عەرەبی و ئیسلامییەکان و دەڵێت: جیهانی ئیسلامی کەوا ژمارەی دانیشتوانییان نزیکەی ملیارێک مرۆقە، ئەو کێمەک و هاوکارییانەی لە کاتی تەنگانە و ڕۆژە رەشەکاندا پێشکەشی گەلی کوردیان کردوە ناگاتە سەد یەکی ئەو بڕە هاوکارییانەی کەنیسەی مەسیحییەکانی جیهان پێشکەشیان کردوین.
مامۆستای نەمر ئەو کتێبەی لەسەرەتای نەوەدەکاندا نوسیوە، واتە زیاتر لە بیست ساڵێک لەمەوبەر، بەڵام خۆ گەر ئەمڕۆش سەیری هەوڵست و هەڵسوکەوتی جیهانی ئیسلامی بە گشتی و ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی بکەین، دەبیین هیچی وا لە رەوشەکە نەگۆڕاوە و هەمان هەوڵستیان بەرامبەر کێشەی رەوای کورد لە چوارپارچەی کوردستاندا

هەیە. بۆ نمونە هەوڵستی ئیخوان موسلیمینی سوریا، کە پشتگیری تەواوی هێرشەکانی سوپای بەناو (محەمەدی)ی بۆ سەر رۆژئاوا کردو رەوایەتیشیان پێدا، هەروەها بەیاننامەی بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی لەسەر هێرشەکان، کە ئەوانیش لقێکی تری ئیخوانن. یان نامەی پشتگیری ١٠٠ کەسایەتییە ئیسلامییەکەی جیهان، کە بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان نوسرا بوو وە داوای پشتگیری و هاوکاریی ئەردۆگان و سوپای تورکیایان دەکرد، بەمان دەردەکەوێت، کە ئەوە تەنها کوردە، بە پێچەوانەی سەرجەم نەتەوەکانی ترەوە، کە باس لە یەکێتی گەلانی موسوڵمان و ئوممەتی ئیسلام دەکات، ئەگینا ئیسلامییەکانی سەرجەم گەلان، یان لای کەمی ئەوانەی تورک و فارس و عەرەب، هەمیشە ئاین و بیروباوەری ئیسلامیی سیاسیشیان بۆ مەسەلە نەتەوایەتیی و سیاسییەکەی خۆیان تەوزیف کردوە!
ئەمە با وردتر بدویین و چاوێک بە هەوڵستی زۆربەی زۆری سەرکردە و کادر و ئەندامانی یەکگرتوی ئیسلامیش، کە لقی ئەو رێکخراوە ئیسلامییەیە لە باشوری کوردستان، بگێرین، بە رامبەر هێرش و داگیرکاریی ئەم دواییەی سوپای تورکیا و میلیشیا ئیسلامیی-شۆڤێنییەکان، دەبینین سەهەای کوردبوونیان، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەین لە نێوان هەوڵستی ئێستای ئەمان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکەیان لە رابردووداً.

هەبەت کاتێک لەگەیان دەدوێی، دێن هەمان تۆمەت و پاساوە حازربەدەستەکانی ئەردۆگان و سوپاکەی وەک توتی بە دەستەوە دێنەوە، کە ئەمە لە ناوەڕۆکدا پشتگیریی ئەردۆگان و حکومەتی تورکیایە، بەڵام نایانەوێت یان شەرم دەکەن، کە بە ئاشکرا داکۆکیی لێ بکەن! جگە لە هەندێک مەلا و کەسایەتی ئیسلامی دەستیان وەک (موحسن جوامێر) کە هەوڵستی جوامێرانەیان هەبووە، یان سەرکردەیەکی دەگمەنیان وەک (ئەبوبەکر هەدنی) کە جێگەی رۆزن، ئەگینا زۆربەیان بەهەوڵست بوونە بەرامبەر بە هێرشی داگیرکاری سوپای تورکیا و میلیشیا دژنەدە ئیسلامییەکانی هاوپەیمانی.
وەک هەوڵستی فەرمی و گشتیشیان دەبینین زۆر لاواز و بگرە زۆر جار لە ریزی نەبووایدا بووە، تەنانەت هەوڵستی محەمەد قەرەداخی ئەمینداری گشتی رێکخراوی جیهانیی ئیسلامیش، ئەوەندە لاواز و شەرمنانە بوو، کە مرۆڤ ناتوانێت پێی بڵێت هەوڵست! چونکە تەنها شتێک بوو، بۆ ئەوەی خۆی لە بڕەنگییەکە دەربکات و لەو رەخنانەی لێی دەگیرێن قوتار بکات، ئەگینا ئەو شتە کورتەی نوسیبووی زیاتر لە وەعز و ئامۆژگاری ئاینیی دەچوو تا هەوڵستی مەردانە و

دادپەروەر و مرۆڤپەروەرانە، گەر باسی ئاینیش نەکەین.

تۆ ببینە ئەمانە چۆن هەر باس لە داگیر و دابەشکاریی کوردستان دەکرێت، یەکسەر باز دەدەنە سەر رۆککەوتنی سایسکس بیکۆ ١٩١٧ و خۆیان لە باسکردنی شەڕی چالدیران ١٥١٤ ی نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی (ئیسلامی) دەدزنەوە، چونکە ئەوەی پێشوویان بە هی (مەسیحییەکان) دەزانن و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن، کە ئەمن بۆ بیروباوەڕی خۆیان پەیدا بکەن، کە بەڵێ ئەوە (غەیرە دین) و بە تایبەتیش مەسیحی و جووەکانن کە ناهێڵن کورد بە مافەکانی بگات نەک برا موسوڵمان و هاودینەکانمان! هەر لەم بارەوە ئێستاش کاتێک دێنە سەر باسی هێرشی داگیرکاری سەر رۆژئاوا، هەمیشە هەوڵ دەدەن کە تیشکۆ (فۆکەس) بخەنە سەر ناپاکی تەرەمپ و وڵاتانی رۆژئاوا، کە پشتیان لە کورد کردوە، کە مەبەستیان ئەوەیە، کە ئەوان دیان (مەسیحی)ن، بەڵام خۆیان لەوە دەدزنەوە، کە ئەو سوپایەی کە هێشی هێناوە، بە فەرمانی ئەردۆگانی خۆ بە سوڵتانی موسوڵمانان دانراو و ناونراوی (سوپای موحەمەد) هێرشی هێناوە، کە رۆژێکی تایبەتی لای ئیخوانەکانی سەرجەم جیهانی ئیسلامی هەیە و زۆریان بە مەرجەعی خۆشیانی دەبینن. ئەوانەشی کە درەنگ وەخت و پاش لەقاودانیان وەک بانگوازەکانیان هەوڵستیان وەرگرت، کارەکانیان لە چوارچێوەی بانگخوازی و کاری خێرخوازیی و کۆکردنەوەی هاوکاریی لێقەوماوان و ئاوارەکانی هێرشەکانی سەر رۆژئاوا خۆی دەبینییەوە، نەک هەوڵستی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانە.
رۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئەمانی سیریل شتیگەر لە وتارێکیدا بە ناوی (ئەردۆگان و فرمێسکی دایکەکان) کە لە رۆژنامەی ناسراوی سویسری (نێیە تسویرخە تسایتونگ) ی رۆژی ١٠ی نیسانی ٢٠١٠ باوکراوەتەوە، ئەوەبوو کاتی خۆی وەرمگرایە سەر کوردی، باس لەوە دەکات، چۆن ئەردۆگان بازرگانی بە فرمێسکی دایکانی قوربانییەکانەوە دەکات و بە مەبەستی سیاسیی و دەنگ کۆکردنەوەی خۆی بەکاری دێنێت. چەند ساڵێک لەمەوبەر هەمان رۆژنامە راپۆرتێکی لەسەر دزی و گەندەڵی و دەسیەی دادگاییکردنی بیلالی کوڕی ئەردۆگان لە ئیتالیا باوکردەوە، کە سەرجەم خەزانەکەیان بە ئەردۆگانیشەوە تۆوەگلابوون (تەمارە دەنگییەکانی تەلەفون). تەنانەت یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبەکەی ئەردۆگان (ئەکەپە) کە ناوی پەشار یەکیسە و ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٣ وەزیری دەرەوەی تورکیا بووە، دەڵێت (ئەردۆگان سیاسییەکی زۆرزانە، دەزانێت چۆن شکستەکان بۆ خۆی بەسەرکەوتن بگۆڕێت، دەکرێت ئەنجامی ئەم هێرشانە شکست بێت، بەڵام ئەو بۆ خۆی بیکا بە سەرکەوتن و پاشان هەڵبژاردنی پێشوەختە

رابگەیەنێت، تا لە بەرژەوەندی خۆی ئەنجامی بدات.). کەچی ئەمان زۆربەیان لە دەوە سەرسامن بە کەسایەتی و سیاسەتی ئەردۆگان.
من وەک خۆم چاودێری هەندێک لە لایەنگر و کادرەکانی یەکگرتوو بووم، بینیم زۆربەیان، گەر نەڵێم هەموو، ئامادە نەبوون، پێستێکی فەیسبوک بۆ لەقاودانی هەرشەکەی تورکیا، یان وێنەی خەڵکی ئاوارەبوو بۆاوبکەنەوە، یان لای کەمی پشتگیری بایکۆتی کاڵای تورکیش بکەن. لە باشترین ڕەوشدا دەهاتن کوردگوتەنی لە ژێر لێوەوە منگەمنگیان دەکرد، بۆ نمونە لە کۆمێنت و وێامی ڕەخنەلێگرتنیاندا، یان لە ناواخن و پەراوێزی وتارێکیاندا، کە بۆ مەبەستێکی تر دەیاننوسی، سوکە ڕەخنەیەکیان لە تورکیای هاوپەیمانیان دەگرت! ئەمەش تەنها بۆ عەرەب گوتەنی (غسل ماء الوجه)ی خۆیان.
ئەوەی سەیرە هی وایان هەیە، کە خۆی بە ڕۆشنبیر و ئیسلامییەکی میانەڕەو و لیبراڵ دەزانێت و لە ئەوروپا خوێندویەتی، کەچی دەهات بەردەوام قیدیۆ و وێنەی خۆپیشاندانەکانی میسر، دژ بە سیسی و ئەوانەی بەغدای بۆاودەکردەوە، بۆ ئەوەی یەک وێنەی خۆپیشاندانەکانی چوارپارچەی کوردستان یان ئەوانەی هەندەران بۆاوبکاتەوە، کە دژ بە هەرشی سوپای تورکیا و ئەردۆگان ئەنجام درابوون، دیارە باسی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان هەر ناکەم، کە ڕەنگە وەک (حەرام) وا بێت لایان، چونکە دژی سوڵتان ئەردۆگانە! هەرگیز نەمبینی، مەگەر زۆر بە دەگمەن، کە کادرێکی یەکگرتوی ئیسلامی، وێنەیەکی پێست پەممەیی بە فسفۆر سوتاوی محەمەد، یان سارای منالی قاچبڕاوی سێ چوار ساڵ لە ئەکاونتی خۆیان بۆاوبکەنەوە! چونکە دڵیان لە ناوەوە بۆ ئەردۆگان لێدەدات و سۆزێکی زۆریان بۆی هەیە، بەڵام ناشوێرن بە ئاشکرا ئەو هەست و سۆزە قێزەونەی ناودڵیان دەربڕن. نازانم ئەم (نیفاقی سیاسییە) بۆیاری حزبیانە، یان کەلتوری کاروخەباتیان؟
ئاخر هەر دوو هەفتە لەمەوبەر بوو کە ڕێکخراوی نوێدەوەڵەتی مافەکانی مرۆڤ (هیومەن رایتس ڤچ) لە نوێترین ڕاپۆرتیدا بۆاویکردەوە، کە گروپەکانی سەر بە تورکیا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا، کە داگیریان کردوە، کوشتوبڕ و تاڵانکارییان ئەنجامداوە، جگە لە دەستبەسەراگرتنی ماڵومۆڵکی خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت بە پێی ڕاپۆرتەکە، ڕۆگریان لە خۆزانە کوردە ئاوارەکان کردوە، بۆ گەرانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان!

ئەم پشتڵکاریانە گەر حکومەتی بۆرما یان دەستەڵاتی کشمیر بەرامبەر موسوڵمانەکانی ئەوێ ئەنجامیان بدایە، ئەمان دەیانکردە

مانشێتی رۆژنامەکانیان و سەردێری هەواڵەکانیان، کەچی ئەمان بە دەنگییان هەڵدەبژارد! بگرە ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانە بە دەسیسەی جیهانی مەسیحی و دژە موسوڵمانان دادەنێن!
دژن هەمیشە باسی کەمکردنەوەی پەراوێزی ئازادییەکان و گرتنی ڕۆژنامەنوسانی بە نمونە میسر دەکەن، چونکە عەبدولفەتاح سیسی بە دوژمنی خۆیان دەزانن، بەڵام لە ئاست وڵاتی تورکیادا، نقەیان لە خۆیان بڕیوە، شایانی باسە بۆ پڕاپۆرتی ساڵانەی پێیامنێرانی بێ سنوور تەنها لەساڵی 2017، واتە سەردەمی ئەردۆگاندا لە وڵاتی تورکیا 65 ڕۆژنامەنووس کوژراون، 326 دەستبەسەر کراون، 54 خراونەتە زیندانەوە، 2 دوانیشیان بەسەروشوێنن… ئەمە تەنها ئاماری ساڵی 2017 بوو هی ڕۆژنامەنووسان، باسی زیندانیانی سیاسی هەرناکرێ ، مەگەر هەر خوا بزانی چەندن، کەچی ئەمان لێی بدەنگن!

ئەمان بەردەوام تەمەتی بە بنەما بە دەستەاتی خۆبەرێوەبەری ڕۆژئاوا دادەتاشن و هەوڵ دەدەن وەک دەستەاتکی خۆسەپین و دیکتاتۆر و نادیموکرات وێنای بکەن، ئەمە لە کاتکدا نوسەران و بیرمەندانی جیهانی وەک نعوم چومسکی و سلاڤۆی ژیژەک و چەندان سیاستەتمەدار و کەسایەتی تر ستایشی بەرێوەبردنی ئەوێیان کردوە لە ووی تاڵەرەنس و گیانی پکەوەژیانی و ئازادی. تەنانەت نوسەرانی گەورەی وەک مایکڵ ڕۆبن، ڕۆژئاوا بە تەنها تروسکایی دیموکراتی و پکەوەژیان لە خرهەاتی ناوەنددا ناوزەد دەکەن. دیارە باس لە ئازادیخوازان و کەسایەتییە سیاسی و چەپەکانی جیهان ناکەم، کە بینیمان چ هەوستکی دستانە و راستیان هەبوو.

ئەمان لدوان و قسە و سیاسەتەکانی ئەردۆگان و ئەکپارتی دەنەوە و هەوڵ دەدەن بیانسەلمێنن و ڕەنیان بە پەیدا بکەن، کە گوایا ئەردۆگان تەنها دژی یەپەگە و پەیەدەیە، یان ئەردۆگان بیە هەرش دنێت چوکە هەدەپە دەنگیان بە کاندیدی جەهەپە دا لە ئەستەمبوڵ و …هتد. بەڵام پێمان ناڵێن، بە تورکیا دژی ریفراندۆمەکەی باشور بوو، خۆ پارتی دیموکرات و بارزانی، کە بەڵێننامەی پەنجا ساڵەی فڕشتنی نەوتیان لەگەڵیدا هەیە؟ بە ئەردۆگان بە دەمی خێی دژایەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات؟ بە ئەردۆگان کەرکوک بە هی تورکمان دەزانێ و کورد وادار دەکاتەوە توخنی نەکەون؟ بە ئەردۆگان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هاواری دەکرد و دەیگوت: تورکیا شوێنکی نییە ناوی کوردستان بێت، کێ دەیەوێت با بچێت بە باکوری عێراق بژی؟؟!! چەندان بە و بە و بێی تریش، بەڵام دیارە لای ئەمان، ئەردۆگان هەرچییەک بێت (ئیسلامی و ئیخوانییە) و دەبێت پشتگیری

بکەن، خۆ گەر ئەمەشیان بۆ نەلوا، (بێدەنگی) باشترین ڕێگایە بۆیان، دیارە بێدەنگیش لەم کاتانەدا جۆرێکە لە پشتگیری و هاندان ئەمەش بە هەموو پێوەرێک ناپاکییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە.

دیمانە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە ڕۆکخراوی جەماوەرییەکانی چینی کرێکار … بەشی پێنجەم و کۆتایی

وەرگێڕانی: کاوە عومەر

کۆمۆنیست: ئێمە هەتا ئێستا سەبارەت بەشورا وەک جۆرێک ڕۆکخراو قسەوباسمان دەکرد بەڵام لەم بریارە نامەیدا بەڕوونی باس لە"بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی" دەکرێت. مەبەست لە بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتییەکان چییە؟ ئەم بزوتنەوەیە بۆچ تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە جگە لە شێوازێکی دیاریکراوی ڕێکخراوبوون، بەشوێن چ ئامانجێکی تردا دێو بۆیارە بەکوێ بگات؟
مەنسور حیکمەت: بانگەشەی ئێمە لەبارەی کۆبوونەوەی گشتی هەتا ئێستا هەندێگەڕێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کارایی کۆبوونەوەی گشتییەکان، وەکو ئامرازێکی خەباتکارانە، بۆ کرێکاران. ئاوەڕۆی ئێمە ئەمە دەیەوێت کە ئەبەت لەبارەی بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتییەکان قسە بکەین. سەردەمانێک لە مێژووی خەباتی کرێکاریدا هەیە کە بەسەر پێکهاتنی بزوتنەوە دیاریکراوەکانەوە دەناسرێتەوە. بەنموونە بزوتنەوەی کۆمیتەی کارگەکان لە ڕوسیە، بزوتنەوەی سندیکایی لە سەرەتای ئەم چەرخەدا (سەدەی٢٠و:) لە ئێران، وەیان بزوتنەوەی شورایی لەماوەی شۆڕشی ١٩٧٨ دا، بزوتنەوەی کونترۆڵی کرێکاریی… تاد. جیاوازی بانگەشەکردن بۆ کۆبوونەوەی گشتی وەک ئۆرگانێکی بەسود لەگەڵ هەوڵدان لە پێکهێنانی کۆبوونەوەکی گشتی لەوەدایە کە لەم بابەتەی دواییەوە ئێمە ئامانجەت خەبات لە پێناو بەرپاکردنی ئەم کۆبوونەوەی گشتیانەدا ببەت بۆجەمسەری حەرەکەت و هەی دەرکەوتنی

تایبەتمەندییەکانی یەک سەردەمی خەباتی کرێکاریی و دەبە خەباتی کرێکاریی بەزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکانەوە جێش بدرێت. وە هەرچی زیاتر ئەم ئەرگانانە پێکبهێنرێت، هێز بگرن و لە ناڕازایەتییە کرێکارییەکاندا دەوری سەرکی بگێڕن. بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی وەک دەم و دەست و عەملی ئەمریە بەرەکخراوکردنی ناڕازایەتییە جەماوەری کرێکاران لەم سەردەمدا. شوراکان وبزووتنەوەی بەرواوی مانا شورایی تەنها دەتوانێ ئەنجامی پلەیەک لە پیشڕەوی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی بێت.

ئەم بیرکەی کۆبونەوەی گشتیمان زۆر دەمکە خستوتەووە. لەوکاتەدا هەموو چەپ و ڕەشنبیرانی کۆمشێیی خەڵکیکان ئەم بیرکەیان بەخەیاڵی و نامۆ لەقەڵەم ئەدا. خەباتی چەند ساڵەی کرێکارانی ئێران ئاشکرای کرد ئەوەی کە زۆینی ونامۆیە شۆڕەی بیرکردنەوەی سۆشیالیزمی خەڵکی ئێرانە سەبارەت بەبزوتنەوەی جەماوەری کرێکاری. کرێکاران نەک تەنها بەکردەوەو بەشۆوەی سەرکەوتوانە ڕۆژانە ئەم کۆبونەوانیان پێکهێناوەو لەخەباتی خەیاندا پشتیان پێبەستوە، بەڵکو دروشمی کۆبونەوەی گشتی جێگەی خەی لە زۆینی کرێکارانی وشیاری پیشڕەوی ئیراندا کردەتەوە. خەش بەختانە ئەمڕۆ باسی کۆبونەوەی گشتیان قبوڵکردوە یان ملیان پێی داوە. ئەمە دەڵێین کرێکارانی کۆمنیست ئەبێت هەوڵسوڕاوانی کۆبونەوە گشتییەکان بن، چونکە ئەمە تەنها ڕێگای واقعی ێکخراوکردنی کرێکارانە لەمودایکی فراواندا بە پێکردنەوەی بەشایی کاری ڕێکخراوی جەماوەری – ئاشکرای کرێکاری.
چەپی خەڵکی و ڕەشنبیر دەتوانن چاوپێشی لە مەسەلەیە بکەن، دەتوانن ئەم سەرقاڵیەی ئیمە بە ئیکەنەمیست ناوببەن. هەموو شتێک بسپێرن بە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی. هاوشۆکانی ئەکسەریەت وحیزبی تودە ئەتوانن پێیوەست ببن بە شورا ئیسلامیەکانەوە وە پاشان کەسانی سەربەخۆیان وەک نوێنەری نەبینراو و ناسراوی کرێکارانی ئێران! ڕەوانە بکەنە کۆنگرەی هەژدەهەمی نەقابەکانی کار لە سەقیەت!. نەقابە سوننەتیەکان دەتوانن چاوەڕوانی کاتێک بکەن کە دەوڵەتی ئیسلامی مەڵەتی پێکهێنانی نەقابەکانیان پێبدات و نەقابە دروست بکەن. وە نەقابیە "نهێنیەکان" ئەتوانن جارە چاو پێشی بکەن لە ڕێکخستنی کاری جەماوەری کرێکاری. بە ئەمە کۆشکە بەشۆوەیەکی تر لەئارادایە.
ئەمە لەو باوەڕدایە کۆمنیزم و بیرکە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەی شورایی، هەم ئەزمونی بەردەوامی کرێکارانی ئێران لە خەباتی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، شۆە خەباتی جەماوەری کرێکاریی لەدەی هەمان

هەلومەرجی سەرکوتدا بەدەستەوە داوە. مرۆڤ تەنها دەبێ چاوبکاتەوە و ئەوە ببینێ. ئەمە شێوەی بەرپاکردنی بزوتنەوە گشتیەکانی کرێکارانە. خەباتی جەماوەری سەدان هەزار کەسی کرێکاران لەژێر هیچ بارودۆخێکدا ناتوانێت نەهێنی بێت. ئابووری سەرتاسەری کرێکاران دەتوانێت نەهێنی بێت، بەڵام دەرکەوتنی جەماوەری کرێکاران کە پێوستی بە بەشداری بەردەوامی ئابووڕانی عەمەلی و ئاشکراو پێکهێنانی کەبونەوەی جەراوجەری کرێکارانە، ناتوانێت لە مەودای ئاشکرادا نەیەتە دی. حیزبی کرێکاران ئەبێت ڕۆگای واقیعی و بەکردەوە نیشانی کرێکاران بدات بە ڕێکخراوکردنی کاری جەماوەری کرێکاران. کەبونەوە گشتی ئەو ڕۆگە واقعیەیە.

کۆمۆنیست: لە بەیارنامەکەدا تەنها چەند ئەرکێک بە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کەبونەوەی گشتی دەستنیشانکراوە ئایا دەتوانیت وێنەیەکی بەرچاوترو هەلایەنترمان لە ڕوخساری ناسراوی ئەم بزوتنەوە بدەیتە دەستەوە؟ بە ئەوەی بتوانرێت ئابووڕانی باش و ماندوونەناس بە ئەم بزوتنەوەیە پەروەردە بکرێ، دەبێ فێربوون و تەبلیغی چ مەقوڵات و بابەتێک بخەینە دەستورەوە، جیا لە ئامانجە ئاستوخەکانی خودی ئەم بزوتنەوەیە؟

مەنسور حیکمەت: لەم بارەوە دەبێت بڵێم قسە بکرێت. من سود لەم کاتە وەردەگرم بە ڕونکردنەوەی چەند خاڵێک.

هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی کەبونەوە گشتی کەسێکە لە ئایدیایەکی مجەرەد "دابەاو" وە دەربارەی کەبونەوەی گشتی حەرەکەت ناکا، بەڵکو لە خەباتی بەردەوامی هەر ئیستای کرێکارانەوە دەجوڵێتەوە. باسی شوراو سەندیکا لەناو دەرونی چەپدا هەرچیەیەک بێت، ناڕەزایەتی کرێکاری هەر ئیستا لەئارادایەو ریکخراوی گونجاو، ئابووری گونجاو ئاسەی بەرەوپێشچونی خەی داوا دەکات. ئەگەر خەمان بخەینە شوێنی ئەوانەی (باوەڕیان بە شورا) هەیە، خەمان بکرێکاری پێشرەو بزانین، کەدەبە وەڵام بداتەوە بەمەسەلەی ڕێکخراوکردنی نارەزایەتیەکی دیاریکراو لەچەند دەزگایەکی دیاریکراودا، ئەوکاتە باشتر دەرکی نرخی خەبات دەکەین بە پێکهێنانی کەبونەوە گشتیەکان و بەجەهێنانی ڕۆڵی ئەوان. هەڵسوڕاوی کەبونەوەی گشتی کەسێکە کە لە ناڕەزایەتیەیە هەر ئیستای کرێکاراندا بکەوێک وەرگرتن لە کەبونەوەی گشتی وەک ئەرگانێکی خەباتی کاریگەر بانگواز دەکا. هەوە ئەدا تا ئەو کارە لە زەرترین یەکەدا دوبارە ببێتەوە، هەوە ئەدات ئەم کەبونەوانە تایبەتمەندی کاری بەردەوام لە خەبگرێت، بەیەکەوە ببەستێتەوە و ئابووری بەڕێوەبردن پێکبهێنن. جووتبوونی کەبونەوەکان لەگەڵ یەک ئەلگەی پێشوتر زانراو بووە بەڵای هەڵسوراوکی کەبونەوەی گشتیەوە، ئەو

بایەخی نییە بۆئەندازەی پێکهێنان و فراوانبوونی ڕێکخراوی کۆبوونەوەکان. هەڵسوراوی کۆبوونەوەی گشتی کەسێک کە هەمیشە لە پێگەی خۆی وەکو کرێکارێکی پێشڕەو کۆک وەردەگرێ بۆ ناچارکردنی کرێکاران و ڕابەرانی عەمەلیەتا پشت ببەستن بەم دەزگایەوە، خاڵە بەهێزەکانی بۆ کرێکاران دەناسێنن. وە هەوڵ ئەدات هەتا زۆرترین کەس وگروپ لە کرێکارانی پێشڕەو بۆ جوڵانەوەیەکی هاوبەش بۆ دامەزراندنی ئەم کۆبوونەوانە ڕاکێشێت، بۆ پەروەردەی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان، حیزب ئەبێت بەر لەهەر شتێک تەئکید لەسەر پێیوەندی ئەم بزوتنەوەیە بۆ خەباتی هەرێستای کرێکارییەوە بکات، بەچونی من ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان زیاتر لە دەرونی ڕابەرانی عەمەلی بزوتنەوەی ناڕازایەتیەکانی ئیستادا پێیدا دەبن.
یەکێک لەو بابەتانەی کە ئەبێت بەشێکی دانبەراو بێت لە بانگەشەی ئەم، ئەو واقیعەتەیە کە تەنانەت لەناو دڵی سەرکوتیشدا دەتوانرێت کاری ئاشکراو جەماوەری کرێکاری ڕێکبخرێ. پێیوەندی شاراوەی کرێکارانی پێشڕەو، پێیوەندی حیزبی ونهێنی کرێکارانی کەمەنیست بۆ تەنها بۆ ڕێکخستنی خەباتی ئیستا بەس نییە. ڕاستە حیاتییە، بەڵام بەس نییە. ئەگەر بەواری ناڕازایەتی بەکەمەڵ لە کرێکاران بسەنیتەوە، بزوتنەوەی کرێکاری هیچی نامێنێتەوە. کاسبکاران دەتوانن بە فتوای نادیاری فەرمانی سەرچاوە ڕەژی چوارشەممەیەک دوکانەکانیان داخەن. کرێکاران لە خەباتدا پێوستیان بە کۆبوونەوەی فیزیکی و بەکارهێنانی هێزو توانای بەکەمەڵ. تەنها بەو شێوەیە کرێکاران هەست بەهێزو توانایی دەکەن. تەنها بەو شێوەیە کرێکارانی پێشڕەو دەتوانن دەوری خۆیان لە ڕابەری ڕیزی کرێکاراندا بگێڕن.
بەم پێیە دەبێ ئەو بیرکارانە وڵابنرێن کە پشت دەبەستن بە ناوەندی ون و نادیارو کرێکاران تاک تاکە پێیەوی لە دەکەن. ئەبێت بواری خەباتی بەکەمەڵ و شانی بەشانی کرێکاران بهێنرێتە کایەوە. ئەوەی دەڵێت سەرکوت ڕێگەنادات، با بچێتە ماڵەوەو پشو بدات. ئەمە دەڵێین کۆبوونەوەی گشتی مەودای تاقیکردنەوەیەکی دراوی ئەو خەباتەیە. بانگەشەی ئەمە ئەبێ پشتبەستن بە کۆبوونەوە گشتی هێز و توانای ئەوان زیاد بکات.
کەمەنیست: لە کۆتایدا دەتوانی کەمێک سەبارەت بە پێیوەندی حیزب یان هەڵسوڕاوانی حیزبی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە جەماوەریانەو ئەو کشانەی کە ئەگەری هەیە لەکاتی کارکردنیاندا ڕووبەڕوویان بێتەوە قسەوباس بکەیت؟
مەنسور حیکمەت: وەڵامی پاوپۆ بەو پرسیارەش تەنها دەتوانرێت بسپێردرێت بە داهاتو وە بەڕەوی هەڵسوڕانی بەکردەوەی ئەمەوە.

گەلێک پرسیاری پراکتیکی هەشتا بەشێوەی جدی نەخراونەتە ڕوو. بەوهەیەوە لەڕەدا تەنها ئاماژە بەهەندێک لایەنی گشتی مەسەلەکە دەکەم. کە بەشێوەیەکی واقیعی لەگەڵیاندا بڕەو ڕووین: جەختستن وفەرکردنی بیرکەی شوراکان، وەڵەخستنی بزوتنەوەیەکی واقیعی کەبونەوە گشتیەکان و دامەزراندنی پێیوەندی سالم وداهێنرانە لەگەڵ ئەوانەی بڕگری دەکەن، لە هەموو شوێکانی ڕێکخراوبوونی جەماوەریکان. لەبارەی ئەوەی یەکەمیانەوە هیچ شتێکی تەدا نییە ئاماز بێت. ئەبێت ئەم ڕەوایەتی شوراکان بنەماکانی بزوتنەوەی شورایی بە بەردەوامی و بەشێوەی زیندو ڕوون بکەینەوە، بە گەڵانەوە بە تایبەتمەندییە پایەییەکانی شورا (ڕێکخراوکردنی زۆرترین هەزی جەماوەری کرێکاران، ڕێگەدادان بە ڕابەرانی عەمەلی ئاشناو شارەزای کرێکاریی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، ئامادەیی بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و...تاد) ڕوون بکەینەوە.

سەبارەت بە خاڵی دووهەم، بزوتنەوەی کەبونەوە گشتیەکان، پێشتر قسەم کردووە. ئەبێت لەقاوغی بانگەشە ڕووت بێنە دەرەوە و دەست بکاری سازدان، پەرەپێدان و پکەوە پێیوەستکردنیان بێت. ئەنها ئەو خاڵەی بە زیاد دەکەم و جەختی لەدەکەمەوە. هەر وەکو وتم بزوتنەوەی کەبونەوەی گشتی بزوتنەوەیەکە بەئەوەی کاری جەماوەری و فراوانی کرێکاران، ممکین بکات، بەڵام ئەم بەو مانایە نییە کە ئەم بزوتنەوەیە بتەواوی پشت بەستوە بکارو کاردانەوەیەکی ئاشکراو جەماوەری. پێویستە لەسەر کرێکارانی کەمانیست و هەڵسوڕاوانی ئەم بزوتنەوەیە پێیوەندی نزیکترو لەباری جەبەجەکردنەوە پێیوەندی نهێنی خەیان ڕێکبخەن بە ڕێنیشاندانی ئەم بزوتنەوەیە. لەپشت سەری بزوتنەوەی کەبونەوەی گشتی، تەنێ پکەوە بەستراوە، کانونەکان و ئەقڵە کرێکاریەکان و ڕێکخراوە حیزبیەکانی کرێکارانی پشڕەو وەستاوە.
دەربارەی لایەنە جەربەجەرەکانی جەرکردنی کاری نهێنی بەهەڵسوڕانی ئاشکراو جەماوەریەوە پشتر قسەمان کردووە (بگەڕێنەوە بە وتارە جیاوازەکان سەبارەت بە ئاژیتاتەرکان، سیاسەتی ڕێکخستنی حیزب وه... هتد). تەنها جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەم خەباتە نهێنیە بە سەرکەوتنی بزوتنەوەی کەبونەوە گشتیەکان و کەمکردنی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان لەڕێگەی کەبونەوە گشتیەکانەوە چارەنوس سازە.
سەبارەت بە خاڵی کۆتایی، واتە پێیوەندی ئەم لەگەڵ بڕگریکارانی هەموو شوازەکانی ڕێکخراوبوونی جەماوەری، وەکو سندیکاکان و ئەوانی تر، پێویستە هاوڕیانمان بگەڕێنەوە سەر باسەکانی پیشوتری حزب دەربارەی ڕێخنە لە سیکتاریزم.

ئەم سەر بە تایفی کرێکارانی کۆمۆنیست و رادیکاڵین و ئەندامی رێکخراو و هێسوداوی ئەو تایفەین. پەیوەندی ناوخۆیی ئەو تایفە لەگەڵ خۆی و پەیوەندی ئەو لەگەڵ هەموو مێلەکانی ناو چینی کرێکار پەیوەندییەکە کە پشت دەبەستە بە دەرکی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی هەموو چینەکەی خۆیان کە میحوەرە سەرەکییەکەی یەکگرتن و بەهێزکردنی ڕیزی کرێکارانە لەخەبات دژی بەرژوازی. ئەم بڕوایە بەهێزکانی خەمان، سیاسەتەکانی خەمان و ئێستراتیژیکانی خەمان زۆر بەگەرمی تەبلیغ دەکەین، و هەوڵ دەدەین ببنە بڕوا بەچوون و سیاسەتی بەشی هەرچی فراوانتری کرێکاران و کۆمەڵە پێشرەوەکانیان، بەتایبەت لەهەمان کاتدا لەهەر جێگایەک جوڵانەوەیەک بەتەکایەوە کە ئامانجێک بۆ خەباتی کرێکاران پێک بهێنێ، ئاگەر تەنها لەبەشێکیشدا یەکگرتنی ئەوان زیاد بکاو مافێک لەمافە پێشێلکراوەکانی کرێکاران وەربگرێ، خودی ئەم یەکەمین کەسانێک دەبین کە بەڕەو پیری دەچین و لەو جوڵانەوەیەدا بەشداری دەکەین.
هیچ هەوڵ و کۆششکی کرێکارییەک نییە کە ئەم گوێ نەدەینە چارەنووسی. ئەم ئێستراتیژیکی خەمان بۆ بەشداری بەشی هەرچی زیاتر لە کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار دادەمەزرێنین، ئەم باشترین سیاسەتی عەمەلی خەمان بەردەوام و لەهەموو هەلومەرجێکدا ڕوون دەکەینەوە، بەتایبەت لەهەمان کاتدا دەبینە ئەندامی هێسوداوی هەر سەنگەربەندییەکی واقعی کرێکاران. ئەوەی گرنگە ناسین و جیاکردنەوەی جوڵانەوە کرێکارییە ڕاستەکان بە یەکگرتن و خەبات (لەهەر شوێنێکدا بێت) لەجوڵانەوە ناواقعییەکان، خەیاڵی و زیان بەخشەکان بەخەباتی کرێکاری. ناسین و جیاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەهەر بوارێکدا بێت بە ئەو کۆمۆنیست و کرێکارە پێشرەوی کە لەنزیکەوە پەیوەندی هەبێ لەگەڵ جوڵانەوە کرێکارییەکان و بەرژەوەندی هەموو چینەکەی ڕاچاوکردبە کارێکی دژوار نییە. بەو مەرجەی هێسوداوانی ئەم لەهەر باسێکی دیاریکراودا بە هەستیاری و دەسزی پیویست ئەم جوڵانەوەیە بخوێنەوەو شی بکەنەوە.
سیاسەتی ئەم بریتییە لە پەرەپێدانی بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی و گۆشەدان بە بزوتنەوەی شورایی. سیاسەتی ئەم لاوازکردنی هەوڵەکانی مێلەکانی تر نییە بە پێکهێنانی سەندیکاکان و ڕێکخراوە جەماوەرەکان. ئومێدمان ئەوەیە کە بەهۆی ئەم بزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتی و بزوتنەوەی شورایی بەشێکی هەرچی زۆرتر لە هێزەکانی چینی کرێکار بە ڕێکخراوبون ویەکگرتن بەخەیوە کۆنالیزە بکات.

بڵاوکراوەی کۆمۆنیستی ژمارە ٣٧ ، مارسی ١٩٨٨

کۆکراوەکان، جڵدی ٦ ، لاپەڕەی ١٦٧ تا ١٨٨
٣٠/٨/٢٠١٩
وەرگێڕانی: کاوە عومەر
چاوپێداخشاندنەوەو هەڵبژاردە: بەپێشەوە

چارەنووسی داعشە زیندانی کراوەکان بەرەو کوێ... ئەحمەد کامەران

داعش ئەو گرووپە تیرۆرستیەی کە لەئەنجامی ئەو ململانێیەی نێو دەزگەهاتی ناوەڕاست بەتایبەتی کە لە عێراق و سوریا دروست بووە کە وای کرد گرووپێکی تووندەو بەناوی داعشەوە سەرهەڵبدات کە خۆیان لە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە دەبینیەوە, کە چەندان کاری قێزەونیان ئەنجام دا بە درێژایی ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوودا,بەڵام خۆی لە ڕاستیدا ئەو گرووپە بە شێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی نەهاتووە ئەگەر کۆتایش پێهاتبێت بەڵام هێشتا فکرو ئایدیاکەی بەدوای خۆی بەجێ هێشتوە کە ئەمەیان لە هەمووی مەترسیدار تڕەە.
هەرچەندە ئێستا بەشێکی زۆری ئەو داعشانە لە نێو کوچی زیندانەکاندان بە تایبەتیش بەشێکیان لە زیندانەکانی حەسەکەن, ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت: کە جارێ داعش بە کۆتایی نەهاتووە چوونکە بوونی ئەو کەسانە لە نێو زیندان بە مەترسی دادەنرێت, هەرچەندە لەماوەی ڕابردوودا کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی ڕاگەینرا کە سەرکێکخراوی داعشەکان بوو , بەڵام بە کوشتنی یەك کەس ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بە کۆتایی نایەت چوونکە لە پاڵی دا بە چەندان کەسی تر پەیدا دەبن کە خۆیان بە سەرکی گرووپی هاوشێوەی لەم جۆرانە دادەنێن, یاخود هەتاوەکو ئێستاش ئەم فکرو ئایدیایەی لە نێو هزری خەڵکەکان دا ماوە بەتایبەتی ئەوانەی لە ژێر دەستی ئەم گرووپەدا بوون بۆیە دەبێت کار لەسەر کۆتایی پێ هاتنی فکری تووندەوی بکرێت کە بۆئەوەی جارێکی تر گرووپ و ڕێکخراوی هاوشێوەی داعش دروست نەبێتەوە, بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا کە لەنێو کووچی زیندانەکان دان پێویستە بە شێوەیەك پەروەردە بکرێن کە جارێکی بتوانن بە

شۆرەیەکی ئاسایی و تەندروستانە بۆنەوە نێو باوەشی کۆمەڵگاکانیان وەک خۆیان لەو جۆرە فکرو ئایدیانە بپارێزن. ئەگەر کار لەسەر پەروەردەیەکی تەندروست نەکرێن ئەو زیندنی کراوانە ئەوە دووبارە ئەو جۆرە کەسانە دەبنە هۆکاری مەترسی بۆ نێو سەرجەم کۆمەڵگاکان , خۆی لە ڕاستیدا هەندێکیان کەسانی نەفام و کەم عەقلن چوونکە ئاستی ڕۆشنبیریان زۆر لاوازبووە کە خۆیان ڕادەستی ئەم جۆرە ڕێکخراو و گرووپانە کردوە .
بەداخەوە ئەمە یەکەم گرووپ نەبووە کە لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵدابێت لە ساڵانی ڕابردوو هاوشێوەی گرووپی لەم جۆرانە لە ژێر ناوی جۆراو جۆری دیکەوە سەریان هەڵداوە کە لە دەرئەنجام دا کاولکاری وێرانکاریان ئەنجام داوە ئەوی لێرەدا جێگای سەرسوڕمانە کە نازانم بۆچی ئەم گرووپانە سەرهەڵدەدەن و لە پاشانیش کۆتایی پێیان دێت بە بێ ئەوەی هیچ دەسکەوتکیان بەدەست هێنابێت بەڵام تاکە دەسکەوتیان ئەوە بووە کە خەڵکی بەدبەخت و داماویان سەرگەردان و ماوێران کردوە هیچی دیکە.

گۆچان … سڵام عومەر

گۆچانەکەی بابم
کە ئی باپیرم بوو
کوتتێ ناو دەستی من و
ڕەمدژنێ
هێند دەجوڵێ
جەستەو دەست و
روحی نامەم دەلەرزنێ
دەیهاوەمێ نێو نوێنەکان
دیوەکان و….
تەواوی پەنجەرەکان و
بنمیچی خانوەکەشم دەبزوێنێ

ئەو گۆچانێ

ئی باپیری باپیرم بوو
لە شانەدار دەزیانەوە
کە دەشیبەموە ناو چیا
تاشەو تاوەر
بەسەر یەکدا دادەخزێنە
هەڵە کەنکرێتیەکانی تخوب
ستوونە سەرابیەکان
دادەڕزێنە.

گەچانەکەی بابم
هاتنە نەو دەستی من و...
کەوی نابە
ئارام ناگرە
راناوەستە
گەچانەکەم
نەقڵت دەبڵتە ئی من و
نە دەبڵتە قەچان و
ناشچڵتە نەو هیچ گرەبەستە.

هەنــــراوە بە منـــداڵان.. چۆن دەیخوێنرێنەوە؟.. ڕەزا شــوان

مامەستا: چۆن دەیخوێنرێنەوە؟
ک ، و ، ر ، د ، س ، ت ، ا ، ن
قوتابیەکــان:
کوردستان.. کوردســتان
پــیــرەزتــرین نیشـــتمان
بەهــەشـــتی زەمـیـــنە
لە دەمـــان شـــیـرینــە
مامەستا: چۆن دەیخوێنرێنەوە؟

ئا ، زا ، دی
قوتابییەکان:
ئازادی.. ئازادی
مایەی خۆشی و شادی
هیوایەو مەبەستە
بۆ ژیان پڕویستە
مامۆستا: چۆن دەیخوێنن؟
رز ، گا ، ری
قوتابییەکان:
رزگاری.. رزگاری
لە زۆم و زەرداری
رزگاری کوردستان
لە رۆژهەڵاتان
مامۆستا: چۆن دەیخوێنن؟
یەک ، گر ، تن
قوتابییەکان:
یەکگرتن.. یەکگرتن
یەکدەنگی و رۆحی وتن
خەبات و نەرمی وتن
مایەن بۆ سەرکەوتن

ڕەزا شوان
نەرویج : ٢٠١٩